
شیعر

هـەردی شـەفیـق

# (....)


درۆ ئەکات و باوەڕمان پێیەتی
سیاسییە ئیتر
هاوار ئەکات و خۆمان داوەتی و شوێنی کەوتوین
گیرفانەکانی پڕن لە پارە و خاڵین لە حەقیقەت
لە باڕ و مەیخانە و
سۆزانیخانە و قوتابخانە و
قەسابخانە و چایخانە و
قومارخانە و قیامەتیشا باس هەرباسی ئەوە
بەڵام هەزار ئەوەندەی ئەو
حەقیقەت ئەوەتا لە ناو گەڵی ئەو سۆزانییەدا
مناڵەکەی چاوەڕێی نانە!



ئەم بەلەمە کاغەزییانە کەس ناگەیەننە دوورگە سەوزەکان
تەنیا ئەتوانن لێرەوە بۆ ئێرە حەقیقەت بار بکەن
ئەم گوڵە خۆڵەمێشییانە
جگە لە بۆنی لاشەی مردووەکان

ناتوانن شتی تر بن
ئەم ڕاوچیە ناشیە بێچووی ئاسکەکان ڕاو ئەکات
ئەو شنەبای لە گۆڕستانەکەوە دێت تاعونە هەڵئەکات
من دەزانم ئەو منداڵەی بە دەمانچەیەکی نایلۆنەوە
ڕاوی پەپوولە ئەکات
هەر بەڕاستی هەر هەموومان ئەکوژێت

لە بیری کە ئێوارەیەک باران نەبارییایە بێتاقەت دەبووین
ئەوە سەدەیەکە دڵی من
لەم وشکە ساڵییەدا ورد دەبێت
لەوانەیە ئەو ساڵانە سەرخۆش بووبم
دەنا دەبوو بزانم ئاوا ئەبێت
چونکە ئەم ئاسمانە
هەرگیز نەیتوانیوە
نازی دوو مانگ پێکەوە هەڵگرێت



من دەمەوێ بە شیعرێک کچێک بخوڵقێنم
بەرلەوەی شوو بکات
منداڵی سواڵکەرەکان شیر بدات
بەڵام خۆزگە
مەمکی ئەم هەنجیرە بریندارە
بێچووی شەمشەمەکوێرەیەک نەیئەمژی

شەوێک لەگەڵ تۆدا دەمانویست
بە ژێر مانگەشەودا پیاسە بکەین مانگگیران بوو
دەمانویست بچینە کەنار دەریا
ئۆقیانوسەکانیش وشکاییان هات
بۆیە دوای ساڵەهای ساڵ بۆت دەنووسم
ئەمشەویش مانگ لە پێکێک بادەدا ئەشکێت
قەدەری ئێمە کەوتە ناو ساڵانێکەوە

هەرگیز مانگی تیادا هەڵنەهات

وەک دوو ئازیز کوشتە تینووی خوێنی یەکتری بووین
دڵو ڕۆحمان لە جەنگەکاندا بەجێ هێڵا و
کڵاوی جەنگاوەرەکانمان کردە سەر
لەسەر داوێنی فریشتەیەک
سەدەیەک خوێنمان لەبەر ڕۆیی
کوکوختییەکانمان کرد بە دوو لەتی یەکسانەوە
لەسەر دڵی فریشتەیەکی بێخەبەر
نەیەدەزانی گوناه چییە
یەکتریمان کوشت
ئەو فریشتە بەدبەختەش
هەر بە خەیاڵ
لە خەونەکانمانا عاشقی بووبووین



جگەرە دووکەڵی جەنگێکی ترە
کوشتار و خوێنەکەی ئەوەتا لەسەر زەمینێکی تر
خۆزگە ئەو پەپوولانەی قوڕمیش ئەکرێن
خوێنی دڵی منیان تێ ئەکردن
ئەو کاتژمێرانەی بە خوێن ئەسوڕێن
کەسێک ئەیخستنە گۆڕ
ئەوەتا پیاوێک جوانییەکانی لە ناو دڵیا ئەدات لەدار
ڕۆژەکانی ئەبن بە غوبار
ئاخر هەنگاوەکانی تۆ چارەنووسی منیشی پێوە بەندە
ئەوەتانێ غەریبەیەک لێوی تۆ ئەمژێ و خوێنی منیش
دەستێک مەمکی تۆ ئەگوشێ و دڵی منیش

ئەوە چەند ساڵ عیشق مەرگت ئەخاتەوە بیر
ئاو سەرابت ئەخاتەوە بەرچاو

ئەوە چەند ساڵە خوێنی دڵی من ئەکەیت بە شەراب
لەسەر ئەو مێزە خاڵییە دانیشتووی
پیاوێک بەرامبەرت دانیشتووە و
تارماییی کەسێکی تر دەبینی
ئەو چەند ساڵە ئەو پێکە تاڵە ئەخۆیتەوەە
پڕە لە پارچەی شوشەی دڵی شکاو


ساڵانێکی زۆر بە خەیاڵ وێنەم دەکێشا
ڕۆژێک بوو بە حەقیقەت
ساڵانێکی زۆر خەونی بە خەیاڵێکەوە دەبینی بوو بە ڕاستی
ئێستاکە ئەو لەماڵی کەسێکی ترەو،
نەخێر لە جەهەنەمەوە دێتەوە
من لە کەلاوەی شارێکی خاپورەوە بەرەو جەهەننەم ئەچم
ئێستاکە ئەو بە بێ ویستی خۆی وێنەکانی من ئەشکێنێ و
منیش خەونەکانی زیندەبەچاڵ ئەکەم
گوناهی ئەو هەر ئەوەیە کە خەیاڵی ئەڕوات
تابلۆیەک بە خوێنی من ئەنەخشێنێ
پەپوولەیەک لە خوێنی منا غەرق ئەکات
منیش کە خەو بەوەوە دەبینم
ئەڵێی چەقۆیەک لە ناو دڵما خەوتووە و
خەبەری بووەتەوە



ئەو باڵندانەی وێنەم کێشان
بە ئاسمانی یادگارییەکانەوە دەفڕن
ئەو ماسییانەی لە ناو شیعرەکانی منا لە دایک بوون
ئێستا بەناو سەراب و
ڕووبارە خوێناوییەکانا ئەڕۆن
ئەو بێچووە ئاسکەش لە ناو دڵی منەوە سەیری دنیای ئەکرد
ئێستا بەدەم پڵنگێکی برسییەوەیە

ئەو دۆلفینەش من پێم دەوت
چاوێکت لە موسافیری بەلەمە شکاوەکان بێت
ئێستا لە قەسابخانەیەکا لەت لەت ئەکرێ
ئەو بووکەشووشەش من لە ناو قوڕی شیعرێکا خوڵقاندم
ئێستاکە خەریکە
بە باوەشی منالّی سۆزانییەکەوە گیان ئەدا

بەهیلاکت بردم
ئەی گێژاوی شێت
دەبمخنکێنە
هەموو مرۆڤێک لە یەکەمین عیشقا
دەبێت بە خۆڵەمێش
دەریاوانەکان وتیان جاران
سروشتی ئەم دەریا شێتە وانەبوو
هەرگیزیش مانگ ئاوا تووڕە شەپۆلەکانی نەدیوە
ئەی دەریای تاڵو لیخن بە خوێن
من بە دوای جۆگەلەیەک خوێندا هاتم
بە دوای جەنازەیەکی راکێشراودا هاتم
گوللەیەک سەر دڵی پێکابوو



کاتێ لەسەفەر گەڕایەوە ئەو هەزار ساڵ بوو مردبوو
هەتاو لە حەوشەی ماڵەکەی تۆرابوو
تاریکی لەسەر کلاوڕۆژنەکەی کەوتبووە سەرپشت
وەلێ لەسەر رووی مانگەشەو نووسیبووی
تۆ منت کوشت بەم سەفەرەت

کەشتییەکان بەناو ئاوەکانا ئەڕۆن و
بایەوانەکان گەمژە و سەرخۆش گۆرانی ئەڵێن
بەلەمەکان بەناو ئاوەکانا ئەچن و

سەوڵ لێدەرەکانیش وەک ئەوەی
بە گڕی تلیاک خۆیان گەرم کردبێتەوە
بە دەنگێکی بەرز پێ ئەکەنن
تۆش کە ئەم شیعرە ئەخوێنیتەوە ئێستا خەریکی سەفەریت
مەرگەساتە تۆ بە شوێنێکا سەفەر ئەکەیت و نایبینی
کەسیش نییە پێت بڵێ
ئەو ئاوەی تۆ پێیدا گوزەر ئەکەیت
خوێنێکە لە برینی دڵی من هەڵئەقوڵێ!




دوای ئەو هەموو ساڵەی دووری
وا هەست ناکەم ئەو شیعرانەی سووتاندبێ
بە دیار سوتاندنی عیشقێکەوە نووسیونی و
پڕن لە یادەوەری شیرین و تاڵ
وا نازانم دەستەمۆی پیاوێک بووبێ
سێبەرەکەی لای ئەوە و دڵی لای من
من دەزانم ڕۆژێک لێوی ئەمژێ و
ڕۆژێکیش دەستی نازی بەسەریدا دێنێ
ڕۆژێکی تر ماچی ئەکات و مەمکی ئەگرێ
بەڵام ئەو
تەنیا خۆی شل ئەکات بۆ سەمای خەیاڵ

وانەبوایە
ڕۆژگارەکان لێوی بیرەوەرییەکانیان
بە خوێن سوور نەئەکرد
بە خەڵوزی خانووەکان
کلیان نەئەدا لە چاوی سەردەمەکان
حەشیشکێشەکانیان
لە ئاپۆرای نائومێدیدا هەڵنەئەواسی
جەنگ نەیهێشت منداڵەکان لە قوڕ فریشتە دروست بکەن

جەنگ بیهێشتایە
دڵشکاوەکانیش گوڵیان ئەناشت
کوژراوەکانیش گۆرانییان ئەوت

دەچێتە سێبەری هەمان درەخت یادگارییەکانی لەسەر دەنووسێ
لەوێ سەیرانێکی پیرانە ساز دەکات
ئێسقانەکانی خۆی ئەکات بە پشکۆ
چاو ئەنوقێنێ و دڵ خۆی لەسەر ئەبرژێنێ
یادگارییەکانی ئەکات بە تابووت بۆ خۆی
سەیری ئاسمان دەکات و
گوێ بۆ ناڵەی دڵی خۆی رائەدێرێ
هاوارێکە
کێ ئەزانێت بە چەند سەدەی تر ئەگاتە شوێنی خۆی!



ئەی شەوی شەونیشینە تەنیاکان و
گۆشەی دوورەپەرێزەکان
تۆ بڵێی کەسێک گوێی لێ بێت
کەسێک هەیە
وەکو شوشەی بادەی شکاو پارچەی دڵێک کۆکاتەوە
دڵێک بەخاوی لێ ئەدا و بە هێواشی گۆرانی ئەڵێ
و بۆنی لاشە مردووەکەی با دەیبا؟
ئەی شەوی مەینۆشەکان و سەرخۆشەکان
تۆ بڵێی لەم باخچە کزۆڵانەدا
گوڵێکی تر سێبەر بۆ قالۆنچەیەک بکات؟
پەپوولەیەک ببێتە برینپێچی گەڵایەکی نەخۆش؟

بە ئەندازەی ئەو ئەستێرانەی
وەکو مقاڵییەک خەڵوزی گەشاوە درابوون بەناو چاوی شەوا
حەقیقەت لەسەر دڵی من قورس بوو

بۆ سەردەمێک دەبوومە گۆرانیبێژ ژنەکانی منالّی کەڕ و لالّیان دەبوو
بۆ مەیخانەیەک دەبوومە بادەگێڕ
هەموو بوتلّەکانی پڕ بوون لە خوێن
بۆ رابردوویەک دەبوومە شیوەنگێڕ
شتێکی جوانم نەبوو تیایدا بۆی بگریم

شیعر بە نائومێدی هەموومانی بەدبەخت کرد
بە زەردەوالّەکان بلّێن باوەکو پەپوولەکان ئاقلّ بن
من راکشاوم لە ناو ئەم تابووتە کۆنە سالّەدا
تابووت چییە جگە لە چوارچێوەی مردوو
من مردووم لە ناو ئەو حەمالانەی جەنازەی دۆستەکانیان دائەگرن
ئاخر مردوو ئازار لە ئازار و لەزەت لە پێکەنین نابا
من دوای حەقیقەتێکی پوچ کەوتبووم
بە درۆی تلیاکییەک باوەڕم ئەکرد ئەیوت بەختەوەرم
بە درۆی خۆکوژێک ئەیوت لەوسەری بەختەوەرییەوە هاتوومەتەوە
بە دلّشکاوەکانی شار بلّێن، عیشق
ئێوارەیەک بە سەرخۆشی هەموومانی کوشت

هەر لەو کانییەی تینووەکان تێر ئاو ئەبن
لەو مەیخانەی مەینۆشەکان
مردووەکانی ناو خۆیان گەرم ئەکەنەوە
کەسێک هەیە گۆرانی بۆ عیشقکی ناکام ئەلّێ و
وەک ئەوەی لە هەسارەیەکی ترەوە فڕێ درابێ کەس تێی ناگا
هەر لەو دەریایەی بایەوانەکان مەلە ئەکەن
کەشتی گەلێک دۆلفینی مردوو بار ئەکەن
هەر لەو شێوێنەشدا نووسراوە
ئاوڕێک لە بەختەوەری خۆت بدەرەوە
کۆلانێکە
ئەچێتەوە سەر دووکانی جگەر فرۆشەکان